

خەسرەو سایە

# نیولیبرالیزم

## لە ئایدیاوە بۆ جیهانسازیی سەرمایەداری

# نیولیبرالیزم

## لە ئایدیاوە بۆ جیهانسازیی سەرمایەداری

ئەم وتارە یەکەمجار لەژمارە 13ی "گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی" دا بڵاوکراوەتەوە

**بەر لە دەسپێکی باسەکە:**

ڕەنگە وا باشتر بوایە، بەرلەوەی باسێکی ئاوا بکەین، لەپێشدا لەسەر چەند بابەتی تر قسەمان بکردایە تا بە ڕۆشنی و بە شێوەیەکی واقعی باسی نیولیبرالیزممان بخستایەتە نێو چوارچێوەیەکی دروستی خۆیەوە. لەوانە دەبوایە یەکەم: باسمان لە ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری، وەک ئەوەی لە درکی لینیندا بەرجەستەیە بکردایە، چونکە بەشێکی زۆر لەو ڕەوتە چەپانەی کە باس لە نیولیبرالیزم دەکەن، باس لە شتێکی جیاواز و لەدەرەوەی ئیمپریالیزم، چ وەک ئەوەی باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری و چ وەک سیستەمێکی ئابووری زاڵ بەسەر جیهاندا، دەکەن و ئەو وێنایە لە نیولیبرالیزم دەدەن بە دەستەوە کە هەر خۆی شوێنی سەرمایەداری و شوێنی ئابووری جیهانی سەرمایەداری لە قۆناغە باڵاکەیدا گرتۆتەوە.

دووەم: دەبوایە لەپێشەوە باسێکمان لە تیۆری قۆناغبەندی کۆمەڵایەتی و دەورانی سەرمایەداری لەلای مارکس بکردایە، چونکە نیولیبرالیزم لە ڕەوتی چوونەپێشەوەی دەورانی سەرمایەداری و ئابووری جیهانیدا هاتۆتە کایەوە و شتێکی لە ناوەڕۆکدا جیاواز نییە لە دەورانی ئیمپریالیزم و کارکردەکانی.

مارکس بە ڕۆشنی لەبارەی سەرمایەدارییەوە باس لە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی وەک پەیوەندییەک و سیستەمێکی ئابووری کە قانونمەندی تایبەتی خۆی هەیە، دەکا و پاشان باس لە قۆناغی ڕەونەق و گەشەکردن و فراوانبوونەوەی سەرمایە دەکا و ئینجا دەچێتە سەر قۆناغی ڕکود و قەیرانەکانی، لەم ڕەوەندەشدا لینین باسی ئیمپریالیزم وەک باڵاترین ئاستی پێگەیشتنی سەرمایەداری، یانی قۆناغی ڕوو لەخواربوونەوە و دارمانی سەرمایەداری ئیزافە دەکات بۆ تیۆری قۆناغبەندی مارکس، کە دیارە لە هەموو ئەم قۆناغانەدا، قانون و کارکردە زاڵەکانی سەرمایەداری تایبەتمەندی

خۆیان هەیەو دەبوایە لە چوارچێوەیەکی ئاوادا باسی نیولیبرالیزممان بهێنایەتە کایەوە، چونکە نیولیبرالیزم لە ڕەوتی چوونەپێشەوەی ئیمپریالیزمدا وەک بالاترین قۆناغی سەرمایەداری، شتێکی تر نییە جگە لە ڕەوتێکی بۆرژوازی، کە بە خەسڵەتنمای سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی و کارکردی تایبەتی خۆیەوە هاتۆتە کایەوە و ڕەهەندەکانی جیهانی سەرمایەداری ئێستا لەخۆیدا عەکس دەکاتەوە. سێهەمیش: دەبوایە لەپێشەوە باسێکمان لە سەرمایەداری لە کوردستان و تایبەتمەندییەکانی بکردایە، چونکە ڕەنگدانەوە و کارکردەکانی نیولیبرالیزم و جێگای واقعی لە ئابووری کوردستاندا، کاتێک دەتوانرێ باسی لێوەبکرێ کە باسمان لە سەرمایەداری لە کوردستان، وەک سەرمایەداری ژێردەستەی ئیمپریالیزم کردبێت و تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدان و شکلگرتنی، پاشان قۆناغەکانی پەرەسەندن و بەربەستەکانی سەر ڕێگای تا بە ئیستا گەیشتووە بخستایەتەڕوو، هەروەها باسمان لەوە بکرادیە کە ئەم سەرمایەدارییە میکانیزمەکانی کارکردنی لە ئیستادا چۆنە و چ جێگاوڕێگایەکی هەیە لە ئابووری جیهانی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. بە پێچەوانەوە ئێمە ناتوانین هەروا نیولیبرالیزم بەشێوەیەکی میکانیکی بگوێزینەوە بۆ کوردستان و لەبارەیەوە قسەبکەین.. هیوادارم بتوانین بەدوای ئەم باسەدا لەسەر هەموو ئەوخالانەی ئاماژەم پێکرد کۆڕ و سیمیناری تایبەت بگرین.
ئێستا با بچینە سەر بابەتی کۆڕەکە خۆی.

**سەرەتا نیولیبرالیزم چییە؟**

کەسانێک پێیانوایە نیولیبرالیزم ئایدیۆلۆژیایە، هەندێکی تر پێیانوایە سیاسەتە، کەسانێکی تر پێیانوایە پرۆژەیەکی ئابوورییە. لەمانەش زیاتر کەسانێک بە تەنها لە چوارچێوەی سیاسەتی بەتایبەتیکردن (خصخصە)دا سنووورداری دەکەنەوە و هەندێکی تر پێی دەڵێن "ئیمپریالیزمی نوێ"، وەیا "نیوکۆلۆنیالیزم".

## نیولیبرالیزم، له ئایدیاوه بۆ جیهانسازیی سەرمایەداری

بە بڕوای من هیچ یەک لەمانە پێناسەیەکی دروست نادەن بەدەستەوە. نیولیبرالیزم یەک جووڵانەوەی تایبەتی چینی بۆرژوازیە کە پێشتر بە لیبرالیزم ناسراوە و لەژێر کاریگەرییەکانی ڕەوتی سەرمایەداری و بنبەستی ئەڵتەرناتیڤە بۆرژوازییەکانی تردا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، ئاڵوگۆڕێک کە سەرتاپای ئەو پرەنسیپ و بنەما و سەرچاوە فکری و سیاسی و ڕوانگە ئابوورییانەی کە لیبرالیزم هەڵگری بوو، خستویەتیەلاوە و سەرچاوەگەلێکی تری هەڵبژاردووە، کە هاوتابێت لەگەڵ پێداویستیەکانی ڕێبەریکردنی بەشەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداری جیهانیدا، لە قۆناغێکدا کە لەگەڵ قەیران و نارۆشنی و ئاڵۆزییەکانی خۆیدا بەرەوڕووە. بەمجۆرەش نیولیبرالیزم ڕەهەندێکی تایبەتە لە جووڵانەوەیەکی چینی بۆرژوازی کە لیبرالیزمە و هەڵگری ڕەگەیەکی فکری و ئایدیۆلۆژی، سیاسی و فەلسەفی جیاوازی خۆیەتی لە دنیای ئەمڕۆدا. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم خاڵە باشترە ئاوڕێک لە ڕەوتی لیبرالیزم بدەینەوە تا بزانین لە نیولیبرالیزمدا چی گۆڕاوە؟

### لەنێوان لیبرالیزم و نیولیبرالیزمدا، چی گۆڕدراوە؟

لیبرالیزم وەک جووڵانەوەیەکی چینی بۆرژوازی، باوەڕەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ و ١٩، بۆ دەورەی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و خەبات بۆ ڕامالینی دەرەبەگایەتی و بەربەستەکانی سەر ڕێگای پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری، دەورانێک کە چینی بۆرژوازی هەڵگری خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانە بوو. چینی بۆرژوازی ئەوکات بۆ ئەوەی ئازادی بازاڕ و ئازادی جووڵەی سەرمایەکان زامن بکات و بەربەستە سیاسی و یاسایی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان، کە لە دەرەبەگایەتییەوە مابوون هەڵگرێ، پێویستی بەوە بوو کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە باوەڕ و سیاسەت و فەرهەنگ و دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانیدا پێکبهێنێ، بەڕادەیەک کە هێزی ئامادەبەکاری کۆمەڵگا لە پیاوان و ژنان و تەنانەت منالانیش وەک هەقێک ڕاکێشێتە مەیدانی کارەوە.

لیبرالیزم ئەو ڕەوتە بوو کە توانی ئەم گۆڕانکارییانە بەدەستبهێنێ. لیبرالیزم (بەپێی بۆچون وباوەڕەکانی جۆن ستیورات میل، بیرمەندی پایەدار و ناسراوی لیبراڵیزم)، هەڵگری تیۆری ماف و مافی فەرد، ئازادی تاک و مافە مەدەنییەکان، ئازادی کار و نیشتەجێ بوون، دوورخستنەوەی دەستی ئاین لە ژیانی تاک و جیاکردنەوەی ڕۆڵی کڵێسا لە کاروباری دەوڵەت، سکولاریزم و یەکسانی هاولاتیان لەبەرامبەر یاسادا؛ لەبواری سیاسەتدا، دەوڵەتی دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم و مافی دەنگدان و هەڵبژاردن وەک شێوەیەک بۆ دەخالەتی فەرد لە کاروباری ولاتدا، لەڕووی ئابوورییەوە هەڵگرتنی گومرگ و دەسەلاتە ناوچەییەکان، هەروەها هەڵگرتنی "سیاسەتی پاراستن" لەسەر بازرگانی و هێنان و بردنی کالاکان، هەڵوەشانەوەی ئیمتیازاتی مالیی پاشا و مەلیک و فەرمانڕەواکان و بەدیهێنانی هاوسەنگی و عەدالەتی کۆمەلایەتی... هەموو ئەم ماف و پرەنسیپانەش خەسڵەتێکی جیهانداگر و شمولییان هەبووە، کە لەچاو نیزامی دەرەبەگایەتی و سوڵتەی موتڵەقەدا، ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو. بەمجۆرە لیبرالیزم و باوەڕەکانی وەک جوولانەوەیەکی چینی بۆرژوازی، ڕەنگدانەوەی سەردەمی خەباتی ئەم چینەیە بۆ وەلانانی دەسەلاتی دەرەبەگایەتی و جێخستنی سیستەمی سەرمایەداری و لێرەشەوە زەرورەتی بۆ پەیدابووە.

بەلام نیولیبرالیزم بەپلەی یەکەم زادەی قۆناغ و سەردەمێکی یەکجار جیاوازی سەرمایەداری و چینی بۆرژوازیە لەمەودایەکی جیهانیدا، واتە قۆناغی سەرهەڵدانی قەیران و بنبەستە ئابووری و سیاسییەکانی سەرمایەداری. تایبەتمەندترین خەسڵەتی ئەم ڕەوتە بۆرژوازیە لە دنیای ئەمڕۆدا بە دەستهەڵگرتن لە هەموو ئەو پرەنسیپ و بەها و مافانەی کە چینی بۆرژوازی و لیبرالەکان لە کۆمەڵگادا جێگیریان کردووە دەست پێدەکا و بە مانەوە لەسەر چەمکی ئازادی بازاڕ و ئازادی وەگەڕخستنی سەرمایە و

چه‌وسانه‌وه‌ی بێڕه‌حمانه‌ی هێزی كار له‌سه‌روو هه‌ر به‌ربه‌ستێكه‌وه‌ پێداگری ده‌كات. به‌ڕاده‌یه‌ك كه‌ هه‌موو كرده‌یه‌كی سیاسی و ئابووری و قانونی و فه‌رهه‌نگی له‌ خزمه‌تی به‌ده‌ستهێنانی قازانج و سوودی سه‌رمایه‌دا بێت.

باسی ئازادی كه‌ چه‌مكێكی مه‌ركه‌زییه‌ لای نیولیبراله‌كان، ته‌نها به‌و مانایه‌یه‌ كه‌ ئازادی بۆ سه‌رمایه‌ و كۆمپانیاكان، ئازادی بۆ بازاڕ و جووڵه‌ی كاڵا زامن بكرێ تا سه‌رمایه‌داران به‌ ئازادانه‌ قازانج كۆبكه‌نه‌وه‌. به‌مجۆره‌ قازانج و سوودپه‌رستی، به‌ باوكی پێشكه‌وتن و گه‌شه‌ی كۆمه‌ڵگا و به‌ فاكتۆری به‌دیهێنانی عه‌داله‌ت و هاوسه‌نگی نێوان فه‌رد و كۆمه‌ڵگا لێكده‌درێته‌وه‌. ته‌نانه‌ت بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رمایه‌ به‌ ئامانجی خۆی بگا و ئازاد بێت نابێ گوێ بدرێ به‌ تیاچوون و په‌ككه‌وته‌ بوونی ئینسانه‌كان، نابێ گوێ بدرێ به‌وه‌ی سته‌مگه‌ری له‌ ژنان ده‌كرێ، وه‌ یان مناڵان ده‌خرێنه‌ به‌ر كاره‌وه‌، به‌ساڵاچووان فه‌رامۆش ده‌كرێن، گرانی و بێكاری په‌ره‌ ده‌گرێ، جه‌نگ و قاتوقڕی و ماڵوێرانی ڕوو له‌ كۆمه‌ڵگاكان ده‌كات؛ ئه‌مانه‌ گرنگ نییه‌ گرنگ سه‌رمایه‌ و تاكی پاره‌دار و خاوه‌ن كۆمپانیاكانه‌ بتوانن قازانجی خۆیان به‌ده‌ستبهێنن. بێگومان ڕه‌وتێكی ئاوا له‌چاو پێشینه‌ی خۆیدا كه‌ لیبرالیزم بووه‌، نه‌ك هه‌ر هیچ خه‌سڵه‌تێكی شۆڕشگێڕانه‌ی نییه‌، بگره‌ سه‌رتاپا كۆنه‌په‌رست و دژی ئینسانییه‌، ڕه‌وتێكی زاڵم و توندوتیژ و سته‌مگه‌ر، بێ مه‌سئول و مشه‌خۆر و چاوچنۆكه‌ و تا ئه‌وپه‌ڕی خۆی ڕاسیسته‌. نیولیبرالیزم ڕه‌وتێكی بۆرژوازیه‌ كه‌ پاش تێپه‌ڕبوونی ده‌ورانێكی درێژ له‌ گه‌شه‌ و كه‌ڵه‌كه‌ی سه‌رمایه‌ و سه‌رهه‌ڵدانی قه‌یرانه‌ یه‌ك له‌دوای یه‌كه‌كان شكڵی گرتووه‌ و دواتر خۆی زاڵكردووه‌ به‌سه‌ر دنیای ئه‌مڕۆدا. به‌ڵام با بزانین ئه‌م ڕه‌وته‌ چۆن شكڵی گرت و ئه‌و شه‌پۆلانه‌ی تێپه‌ڕاندووه‌ كامانه‌ن؟

**شه‌پۆلی یه‌كه‌م: نیولیبرالیزم له‌ ئایدیاوه‌ به‌ره‌و ده‌سه‌ڵات:**

سه‌ره‌تا ئایدیاكانی نیولیبرالیزم له‌ ساڵانی ١٩٣٠ به‌دواوه‌، له‌چوارچێوه‌ی

داکۆکیکردن لە ئازادکردن و ڕەهاکردنی کاملی سەرمایە و دژایەتیکردنی دەخالەتی دەولەت لە کاروباری ئابووری و بازرگانیدا، خۆی ناساند. بەلام دواتر لەسالی ١٩٤٧دا کۆمەلێک لە ئابووریناس و فەیلەسوف و دانشمەندانی سیاسی و کۆمەلناس، لە یەکێک لە شارەکانی سویسرا کۆدەبنەوە و کۆمەلەیەک پێکدێنن و لەوێدا "بەیاننامەی ئازادی" ڕادەگەیەنن، کە لە جەوهەردا هەر ئەو ناوەڕۆکەی هەیە کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، واتە پێناسەی ئازادی تاک و گەشەی کۆمەلگا و گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەلایەتی، لە ڕوانگەی ئازادی سەرمایە و بازاڕەوە.
لەنێو ئەم کۆمەلەیەدا دوو کەسایەتی ناسراو ئامادەیە: یەکێکیان میلتن فریدمان، ئابووریناس و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیگاگۆیە و ئەوی تریشیان کارل پۆپەرە، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم. بەمجۆرە نیولیبرالیزم پێی نایە شەپۆلی یەکەمی خۆیەوە کە ئەویش گەلالەکردنەوەی ئایدیا و باوەڕەکانی خۆیەتی، بەلام دیارە باوەڕەکانی نیولیبرالیزم لەئاستی بەیاننامەیەکدا نەمایەوە و بگرە بە درێژایی چەندین دەیە ڕووی لە مەیدانەکانی ئابووری و سیاسەت و فەلسەفە و کۆمەلناسی و دەولەت و هیتر.. کرد و لە هەریەک لەم مەیدانانەدا ئایدیاکانی خۆی لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیدا جێخست، تا سالانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، لەگەل بە دەسەلات گەیشتنی مارگرێت تاتشەر لە بەریتانیا و ڕۆنالد ڕێگن لە ئەمریکا، نیولیبرالیزم پێی نایە قۆناغێکی تر و لە شەپۆلی دووەمدا سەری هەلدا، شەپۆلێک کە ئایدیاکان بە کردەوە دەردێن و هەلگرانیشی پێدەنێنە دەسەلاتەوە. بەمجۆرە نیولیبرالیزم وەک ئالتەرناتیڤێکی بەکردەوەی سیاسی ئابووری و دەولەتداری ڕەوتی ئیدارە و بەرەوپێشبردنی نیزامی سەرمایەداری دەگرێتە دەست و لەگەل سیستەمی کاپیتالیستیدا خۆی جوت دەکا و ئیتر باوەڕە سیاسی و ئابووری و فەلسەفییەکانی،

سەرمایەداری ئاڕاستە دەکات.
لێرەدا باشترە کەمێک لەسەر سەرچاوە و مەیدانە فیکری و سیاسییەکانی ئەم ڕەوتە ڕاوەستین تا زیاتر جیاوازییەکانی لەگەڵ لیبرالیزمدا دەرخەین و بزانین ئەو ئاڵوگۆڕانە چین کە تێیدا ڕوویداوە.

**١/ لە بواری سیاسەتدا:**

لاوەکی کردنەوەی دەوری دەوڵەت* و لاخستنی ڕۆڵی لە ئابووری وڵاتدا، بە جۆرێک کە دەوڵەت وەک کۆمیتەیەکی کارگێڕی بۆ سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و پڕۆژە ئابوورییەکان دەور بگێڕێ و کۆمەڵەی ئەو یاسا و بڕیارانە بەرێتە پێشەوە کە ئاستێکی بەرز لە ئازادی لەبەردەم جوڵەی سەرمایە و بازاڕدا زامن دەکات، تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا وەک دەلاڵێک بۆ بەستنی پڕۆتۆکۆڵە ئابووری و بازرگانییەکان ڕوو لە بازاڕی جیهانی بکات. هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی سانتراڵ و پەنابردن بۆ لامەرکەزییەت، هەروەها فیدرالیزمەکردنی دەوڵەت لەسەر بنەمای قەومی و ئاینی، تایفە و ئیتنیک-Ethnic، تەنانەت قبوڵکردنی دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی و تاقمە

---

* ئەمە بەمانای ئەوە نیە ڕۆڵی دەوڵەت لەبەرامبەر کۆمەڵگا و جووڵانەوەی نارەزایەتییەکاندا نەمێنێت وەیا لاواز بێت، بەڵکو بەمانای ئەوەی کە ئازادی بۆ سەرمایەکان زامن بکا و بەربەست پێک نەهێنێ، لەلایەکی تریشەوە دەوڵەت ئەو دەزگایە بێت کە بێسنوور پەلاماری ئاست و گوزەرانی خەڵک بدا، بێکارسازی و سیاسەتی لێگرتنەوە پەیڕەوێ لێبکات، هێرش بۆسەر یەکێتییە کرێکارییەکان و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا و خزمەتگوزارییەکان ببات. لەئاستی دەرەوەشدا دەوڵەت ئەو دەزگایە بێت کە جەنگ بەرپێبخا و ئامادە بێت هەرجۆرە پەیماننامەیەک لەگەڵ کۆنەپەرستترین و دڕەندەترین دەوڵەت و هێزدا مۆر بکات بە مەرجێک لە قازانجی سەرمایەداری و کۆمپانیا و کارتیلە هاوبەشەکاندا بێت. لە یەک وتەدا نیولیبرالەکان دەوڵەتێکیان دەوێت کە لەبەرامبەر چینی کرێکاردا، ئەوپەڕی هێزدار و سەرکوتگەر بێت.

چەکدارەکان و هێزە کۆنتراکان، وەک دەزگای حکومەت و دەوڵەتداری، بڕیارێکی ئاساییە، بەمەرجێک ئەمجۆرە دەسەڵاتانە پارێزەری ئازادی سەرمایە و لە خزمەت بازاڕ و بازرگانی و کۆمپانیاکاندا بن و بەربەستیان بۆ پێکنەهێنێت.
دیموکراسی کە چەمکێکی جەوهەرییە لە لیبرالیزمدا، نیولیبرالەکان بەیەکجاری بێ ناوەڕۆکی دەکەن و لە هەرجۆرە مافێک خاڵی دەکەنەوە، مافی دەنگدان کە یەکێکە لە پێوانەکانی دیموکراسی و لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی یەکسان پەیڕەوی لێکراوە، هەڵدەوەشێتەوە و بە ناسنامەی قەومی و ئاینی و ئیتنیکییەوە دەبەسترێتەوە و "کۆتا"* دەکرێ و دەکرێتە "دیموکراسی ئەجناس"، لەلایەکی تریشەوە "تەوافوقی سیاسی" نێوان نوێنەرانی سیاسی گروپ و دەستە و تاقمە قەومی و ئاینی و ئیتنیکییەکان کە بەشدارن لە گەمەی دیموکراسیدا، وەک بنەمایەکی بڕیاردەر بۆ بەڕێوەبردنی دیموکراسی و ئەنجامی پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن بە دەستەوە دەگیرێ، کە خۆی بەمانای ڕێکەوتنی کۆمەڵێک کۆمپانیای بازرگانی و کەسایەتی سەرمایەدارە کە لەم حزبانەدا کۆبوونەتەوە و بازاڕیان قۆرخکردووە.
لەکەنار ئەمانەدا، تیۆری گەمارۆدان و "فەوزای داهێنەرانە" کە لەلایەن کۆندەلیزا ڕایس و کۆڵن پاوەڵەوە گەڵاڵە کرا و لەسەردەمی بۆشدا واتای چەمکی "ڕژێم چەینج"ی بەخۆوە گرت، کراوەتە ڕێگایەک هەم بۆ تەسفیە حسابی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دەوڵەتانی بۆرژوازی لە جیهاندا و هەم بۆ

---

* دانانی ڕێژەی کۆتا بۆ ژنان و "کەمایەتییەکان"-ئەمەش زاراوەیەکە کە نیولیبرالەکان دایانهێناوە. بۆنموونە لە ٥٪ وە یا ١٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتی ئەم پێکهاتوانە، نەک هەر هەڵوەشاندنەوەی مافی هاوڵاتی یەکسانە لە پرۆسەی دەنگدان و خۆکاندید کردندا، بگرە کردنی ئەوانە بە هاوڵاتیانی خوار پلەدوو.

گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگایانەدا، کە حکومەتەکانیان ناکۆکن لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ئەم شێوازانە بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ سونەتێکدا کە لیبرالەکان پەیڕەوییان لێکردووە*.

**٢/ له بواری فەلسەفەدا:**

پۆستمۆدێرنیزم و مەڵتیکەڵچرالیزم (فرە فەرهەنگی)، دوو ڕێچکەن بەدەست نیولیبرالەکانەوە بۆ ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە هەر ناسنامە و حەقیقەتێکی ئینسانی و چینایەتی، بۆ لێدان لە خەسڵەتی جیهانی ئینسانگەرایی و مافپەروەری. هەڵوەشانەوەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و ڕاگەیاندنی کۆتایی باوەڕە جیهانداگرەکان و بەدەستەوەگرتنی ئەو باوەڕەی کە "فکری شمولی" سەرچاوەی دیکتاتۆریەتە، هیچگەرایی و ڕەتکردنەوەی حەقیقەت لە هەر ئاستێکدا، تا پشتکردن لە کەڵچەری مۆدێرنیزم و مەدەنیەت و پەیڕەویکردن لە "ڕێژەیی فەرهەنگەکان" و لێرەشەوە ڕێزگرتن لە فەرهەنگی دواکەوتووانەی لۆکاڵیزم، فەرهەنگی ئیسلامی و قەومی و تیرەگەری؛ لەلایەکی تریشەوە لێدان لە کاری کۆمەڵ و ڕۆحیەتی پێکەوەیی و هاوچارەنووسی ئینسان بە عینوانی "نەوعێکی جیا" و پێداگری لە تاک و تاکگەرایی وەک "ڕامبۆی قارەمان" کە سەروو کۆمەڵ و سەروو چینەکان ڕاوەستاوە و کاری خێر و شەڕ یەکلادەکاتەوە. ڕاکێشانی "ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی" بۆ دەڵاڵی کردن لەنێوان دەوڵەت و خاوەن داوادا، ڕێک بۆ لێدان و

---

* گەمارۆدانە ئابوورییەکان و کارەساتەکانی جەنگ و کاولکاری، لە عێراق، سوریا، لیبیا و یەمەن و بردنی ئەم کۆمەڵگایانە بە تونێلی تاریکی سیناریۆی ڕەشدا، کە لەلایەن ئەمریکا و ناتۆوە دەستی بۆ براوە، نموونەکانی بەکردەوە دەرهێنانی "تیۆری فەوزای داهێنەرانە و ڕژێم چەینج"ە کە لەلایەن نیولیبرالەکانی ئەمریکاوە گیراوەتەبەر، کە ملیۆنەها ئینسانی کردۆتە خۆراکی دەمی باروت و ئاوارەیی.

هەڵوەشانەوەی کاری جەمعی یەکێتییەکان و ڕێکخراوەی ڕادیکاڵی جەماوەرییە. مەڵتیکەڵچرالیزم، کە لەسەرێکیەوە تەحقیر بە ئینسانی پەنابەر دەکا و لە شارێی مەدەنییەتی کۆمەڵگا دایاندەبڕێ و بە فەرهەنگ و عاداتە قەومی و دینییەکانی خۆیانەوە دەیانهێڵێتەوە، وە لەسەرێکی تریشەوە ڕاسیزم و فاشیزم لەدژی "خەڵکی بێگانە" بەرهەمدێنێ، بەپێویست بنەمای ئیتحاد و هاوچارەنووسی کۆمەڵگای مۆدێرن هەڵدەتەکێنێ و نائارامی کۆمەلایەتی دەکاتە حاڵەتێکی بەردەوام.

**٣/ لە بواری ئابووریدا:**

لەپێشەوە وەک ئاماژەیەکی سەرەتایی وتمان کە ئازادی سەرمایە و بازاڕی ئازاد و لاوەکی کردنەوەی دەوری دەوڵەت لە ئابووری و بازاڕدا، مەبدەئێکی سەرەکیە کە نیولیبرالیزم سیاسەتی ئابووری خۆی لەسەر دادەڕێژێ، بەلام بۆئەوەی ئەم مەبدەئە وردتر بکەینەوە، باشترە ئاماژە بە هەندێ لایەن لە باوەڕە ئابوورییەکانی میلتۆن فریدمان بکەین. ئەو دەڵێت: "بازاڕ هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانەکان نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە کە ڕێگری ئازادی بازاڕ و سەرمایەکان دەکا و لێرەشەوە قەیرانەکان دەخوڵقێنێ. ئێمە پێویستمان بە دەوڵەتێکی بەهێز نییە کە دەستوور بە هەموو فەردێک بدات و دەخاڵەت لە ڕەوتی ئابووری تاکەکاندا بکات، بەڵکو تا ئەو جێگەیە پێویستمان بە دەوڵەت هەیە کە بەربەستەکانی بەردەم ئازادی تاکی سەرمایەکان و بزاوتەکانی موڵکدارێتی تایبەتی هەڵگرێ و ڕێگەنەدات بە هیچ فاکتۆرێک ئازادییان بەربەست بکاتەوە، کەوایە هەر تاکێکی سەرمایە ئازادە و ئەمەش زامنی میکانیزمێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بازاڕدا. "خستنەڕووی سەرمایە (عرض الرأسمال) لە بازاڕدا خۆی داوا (طلب) بەرهەمدێنێ و لێرەشەوە ئابووری وەگەڕخستن و بەکاربردنی کامڵی هێزی ئامادەبەکار دەخوڵقێنێ و بەدوای خۆیدا هەست و هوشیاری تاک و دەست

ڕاگەیشتنیان بە پێداویستییەکانیان دەباتە سەرەوە. بەمجۆرە خستنەڕووی سەرمایە و زامنکردنی جووڵەی ئازادانەی، ئابووری وڵات گەشەپێدەدات و فرسەتی هەلی کار دەڕەخسێنێ. سەرەنجام هەر فەردێک بە ڕێژەی ئەوەی ڕوو لە بازاڕ دەکات، جا ئیتر کاربکات وەیا سەرمایەکەی بخاتەکارەوە، بەو ڕێژەیەش، لە ئیمکاناتی مادی بەهرەمەند دەبێ، لە پرۆسەیەکی ئاوادایە کە هاوسەنگی نێوان تاکەکان و دابەشبوونی داهات و فرسەتی زۆری کار Full Job زامن دەبێ و خودی عەدالەتی کۆمەڵایەتیش خۆبەخۆ مەیسەر دەبێ و یەکسانی تاکەکان لەبەردەم یاساشدا دەچەسپێ. تەنانەت هەڵاواردن و جیاکاری نێوان تاکەکان تەنها لەو کاتەدا دەخوڵقێ کە ڕێگە بە ئازادی بازاڕ و سەرمایە و موڵکداریتی تایبەتی تاکەکان نەگیرێت.

هەموو ئەم بوارانەی کە بە کورتی قسەمان لەسەر کرد، پێمان دەڵێت کە نیولیبرالیزم یەک جووڵانەوەی بۆرژوازیە، کە سەراپا، دژی ئینسانی و دژی کارگەری و کۆنەپەرستانەیە و خاڵیە لەهەر ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕانە، جووڵانەوەیەکە کە بەرهەمی دەورانی قەیرانی سەرمایەداری و توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان بەشەکانی سەرمایە و چینی بۆرژوازیە و ئاڕاستەیە بۆ دووبارە سازدانەوەی ئابووری سەرمایەداری جیهانی، بەجۆرێک کە هەلومەرجی لەبار بۆ کۆکردنەوەی قازانجی "فەوقەلعادە" لەبەردەم سەرمایە و کۆمپانیاکاندا سازبکات.

بەڵام بابزانین زەمینەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی نیولیبرالیزم چیە و چۆن بەرەو جیهانسازی سەرمایەداری هەنگاوی هەڵناوە؟

**زەمینەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی نیولیبرالیزم:**

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە لە جەرگەی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری دەیەی حەفتاکاندا مارگرێت تاتشەر لە بەریتانیا و ڕۆناڵد ڕێگان لە ئەمریکا، وەک دوو نموونە لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی نیولیبرالیزم سەریان هەڵدا، کە

دواتر هاوشێوەیان پەڕییەوە بۆ باقی وڵاتانی دنیا. بەڵام با بزانین زەمینەکانی شکڵگرتنی خودی ئەم دوو نموونەیە لە چیدایە؟

بەدوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی لە ئەوروپا، بەگشتی و لیبراڵەکان بەتایبەتی، لەبەردەم ئەو پرسیارەدا قەراریانگرت کە دەڵێت: "ئایا دەکرێ جیهانێکی سەرمایەداریمان ببێ، بەبێ ئەزمە و جەنگەکان؟ کەوایە چۆن و لە ڕێگای چ مۆدێلێکەوە دەکرێ کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای سەرمایەدارییەکی پەرەسەندووی بەبێ ئەزمە و جەنگ ڕێکبخرێ؟

مۆدێلی "دەوڵەتی ڕەفاه" کە لەلایەن لیبرالەکانەوە لەجۆری سۆشیال دیموکرات، ئاڵتەرناتیڤ و وەڵامی چینی بۆرژوازی ئەوروپا بوو بەم پرسیارە. ئەلتەرناتیڤێک کە لەسەر زەمینەی دابەشکردنەوەی دنیا لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا، هەروەها وەدەرنانی بەشێکی زۆر لە مۆنۆپۆڵ و شکستی کارتێلە ئابوورییەکان، وە سەرئەنجام چڕبوونەوەی سەرمایە لەئاستێکی باڵادا، لە دەستی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی سەرکەوتووی جەنگدا، هاوکات ئامادەگی هێزێکی فراوانی کار و پەرەگرتنی توانای تەکنۆلۆژیای مۆدێرن، لەوانە داهێنانە ئۆتۆماتیکییەکان، کۆمپیوتەر و دۆزینەوەی ئینێرژی ئەتۆمی (کە بە شۆڕشی سێهەمی تەکنۆلۆژیا ناودەبرێت). هەموو ئەمانە کە وەک ئاکامێک لە دوو جەنگی جیهانی بەدەستهاتبوون، ئیمکانی سەرپێکەوتن و خۆگرتنی مۆدێلی "دەوڵەتی ڕەفاه"یان ڕەخساند. مۆدێلێک لە ئابووری و سیاسەت و دەوڵەت کە پشتی بە باوەڕەکانی "کینز" بەستبوو، بەپێچەوانەی باوەڕەکانی فریدمان و مەکتەبی شیکاگۆوە، کە لە چەمکی "خستنەڕووی سەرمایەوە- عرض الرأسمال" بۆ ڕێکخستنی ئابووری و بازاڕ دەیڕوانی، ئەو لەچەمکی "داوا- طلب"ەوە بەرەو ڕۆڵی دەوڵەت لە کایە ئابووری و بازرگانییەکاندا هەڵدەکشا. کینز لای وابوو ئەوە داوا و ویستی هاوڵاتییە کە

خستنەڕووی سەرمایە و کاڵاکان دەجووڵێنێ، وە تا سەرمایە و بازاڕ وەڵامی ئەم داوا و ویستانە بداتەوە ئەوا ئابووری وڵات هەم پەرە دەسێنێ و گەشە دەکا، وەهەم ڕێژەی زۆر و فرسەتی کار بەڕادەی "کۆمەڵگای پڕکار پڕ Full Job" لەبەردەم هێزی ئامادەبەکاردا دەڕەخسێنێ و بێکاری و هەژاری ناهێڵێ. لەلایەکی تریشەوە "دەوڵەتی بەرپرسیار" بەرپرسیارە و دەبێ دەخاڵەت لە کردە ئابوورییەکان و بازاڕدا بکات و نەک هەر سنوورێک بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانی کاڵاکان دابنێ و ڕێگا نەدات سەرمایەداران بەپێی ویستی خۆیان کردەی بەرهەمهێنان و بازرگانی ئەنجام بدەن، بەڵکو دەبێ دەوڵەت هەستێت بە بەرنامەڕێژی بۆ بەرهەمهێنان و مەسرەفی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و ئەندازەگیری بۆ چەندایەتی و چۆنایەتییان بەجۆرێک هەڵسوڕێ کە داوا و ویستی هاوڵاتیان دەیخوازێ. لەم ڕێڕەوەشدا دەوڵەت لەڕێگای دانی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەتگوزاریە گشتییەکان و دابینکردنی ئاستێک لە ڕەفاهی کۆمەڵایەتییەوە هاوسەنگی چینایەتی زامن دەکات و دادی کۆمەڵایەتیش لە نێوان تاکەکاندا دەچەسپێنێ.
لە کەنار ئەمانەوە تەوافوقاتی نێوان دەوڵەتانی بلۆکە ئیمپریالسیتیەکان لەسەر کێشە جیهانی و ناوچەییەکان و ڕێکەوتن لەسەر دوورخستنەوە و دەستنەبردن بۆ جەنگ و بارگرژی، ئارامییەکی نسبی لە جیهاندا فەراهەمکرد. ئەم باوەڕانە و ئەم دۆخە ئارامە کە نزیکەی ٢٠ ساڵی خایاند، بەڕادەیەک دەوڵەتی ڕەفاهیان چەسپاند، کە موفەکیران و سیاسەتمەدارە لیبراڵەکانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێ سەرمایەداری لە ئەزمەکانی پاک بکرێتەوەو وتیان کە باوەڕەکانی مارکس لەمەڕ سەرمایەداری و ئەزمەکانی شتێکی تر نییە جگە لە یۆتۆپیا و خەیاڵی فەیلەسوفێک. بەمجۆرە "دەوڵەتی ڕەفاه"، توانی لە ڕێگای دەخالەتی دەوڵەت لە ئابووری و بازاڕدا، بە کردەوە دەورانێکی ماوەدرێژ لە ئارامی و هاوسەنگی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان

و هاوکات ڕەونەق و گەشەی ئابووری لەبەردەم سەرمایەکاندا تێپەڕێنێ و وەڵام بە پێداویستییەکانی بازاڕ و سەرمایەداری جیهانی بداتەوە و لێرەشەوە وەک "مۆدێلێکی مەقبول" سەرنجی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش بۆلای خۆی ڕابکێشێ و پەسەندی بکەن.
بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری جیهانی لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستدا، لەلایەک ئابووری دەوڵەتی ڕەفاهی لە ڕکود و بنبەستێکی چارەهەڵنەگردا ڕاگرت و لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر چینی بۆرژوازی و دەستەی فەرمانڕەوا لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا، بۆسەر ئاستی قەیرانێکی سیاسی درێژ کردەوە، کە لە جەرگەی خۆیدا ئیمکانیدا، مارگرێت تاتشەر لەبەریتانیا و ڕۆناڵد ڕێگان لە ئەمریکا، بەدەسەڵات بگەیەنێ. ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ نیولیبرالیزم تا لەدۆخی ئایدیا و باوەڕی خۆی بگوازێتەوە بۆسەر ئاستی دەسەڵات و مۆدێلێکی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بۆرژوازی، بەناوی نیولیبرالیزمەوە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات و لێرەشەوە پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە.

**شەپۆلی دووەم: کارنامەی نیولیبرالیزم لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیدا:**

کارنامە سیاسی و ئابوورییەکەی حکومەتەکەی تاتشەر کە بەهێرش بردنەسەر دەوڵەتی ڕەفاه و لێسەندنەوەی دەستکەوتەکانی خەڵک و هەڵوەشانەوەی بیمە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دەستی پێکرد، هەنگاوبەهەنگاو سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و داشکاندنەوەی ئاسەوارەکانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری بەسەر چینی کرێکار و هاوڵاتیاندا، گرتەبەر. پەلاماردانی سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکاریەکان و بەرتەسکردنەوەی ئازادی و ڕۆڵگێڕانیان لە گرێبەستەکانی کار و پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکاراندا، هەروەها بەرزکردنەوەی

سەعاتکاری ڕۆژانە، کەمکردنەوەی کرێ بۆ ئاستێکی یەکجار خوارووتر لەئاستی بژێوی واقعی چینی کرێکار، بردنە سەرەوەی تەمەنی خانەنشینی و... خۆدزینەوەی دەوڵەت لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی کار و خسوسی کردنەوەی بوارە خزمەتگوزارییەکان و پرۆژەکانی دەوڵەت، هەروەها داخستنی کارگە و بچووک کردنەوەی پێکهاتی دەوڵەت و هەڵوەشانەوەی بەشێک لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، لە ئاکامیشدا دەستبردن بۆ سیاسەتی بێکارسازی. لایەنە سەرەکییەکانی پلاتفۆرمی حکومەتە نیولیبراڵەکەی تاتشەر بوو کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو.

بێگومان ئەم کارنامەیە و ئەم پلاتفۆرمی نیولیبرالیزمەی تاتشەر بەشێوازە ئەمریکاییەکەی لەلایەن حکومەتی ڕێگانەوە گیرایەبەر. بەڵام حکومەتەکەی ڕێگان لەگەڵ ئەوەدا کەوتە پەلاماردانی هەرجۆرە ڕەنگ و بۆیەکی "دەوڵەتی ڕەفاە" کە لەژێر کاریگەری و نفوزی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا، لە ئەمریکاش ڕەنگی دابووەوە. ئامانجی بەدەستهێنانی ڕابەریی ئەمریکا، بەجۆرێک کە یەکەمجار ئەوروپا بگرێتەبەر و دواتریش هەموو جیهان بگرێتەوە، ئەو خاڵە مەرکەزییە بوو، کە بەهۆیەوە نیولیبرالیزمی ئەمریکایی بە ڕوئیا و ستراتیژێکی جیهانییەوە، خستە بەرچاوی گشت ڕەوتەکانی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیەوە. ڕوئیا و ستراتیژی جیهانسازی سەرمایەداری بەجۆرێک کە ئەمریکا ڕابەر و هەژموونی باڵای بەسەر جیهاندا زامن کردبێت. بەمجۆرە ئەگەر نیولیبرالیزمەکەی تاتشەر لەپێناو ڕزگارکردنی سەرمایەداری و دەرچوون لە قەیرانی ئابووری بەریتانیادا، مەودایەکی تاک وڵاتی و لۆکاڵی گرتبێتەبەر، ئەوا نیولیبرالیزمی ئەمریکایی، هەر لەسەرەتاوە لە مەودایەکی جیهانیدا دەستی درێژکرد و کەوتە شوێن ئامانجی باڵادەستی و هەژموونی ئەمریکا بەسەر دنیادا. ستراتیژییەک کە بەڕوخانی بلۆکی شەرق و کۆتایی هاتنی دنیای دوو قوتبی، ئەم ڕوئیا و ستراتیژەی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی

جیهانی ڕاکێشایە نێو دۆخێکی سەرلەبەر تازەوە، کە دواتر لەبارەیەوە قسە دەکەین.
بەڵام نیولیبرالیزمی ئەمریکایی، لەسەردەستی ڕێگاندا، بە سوودوەرگرتن لەو دۆخەی کە قەیرانی ئابووری ڕووبەڕووی دەوڵەتانی ئەوروپای کردبووەوە، هاوکات لەڕێگای سیاسەتی "پێدانی قەرز" و کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵە نیهادێکی نێونەتەوەییەوە، کە پێشتر ئامادەگیان هەبووە، لەوانە سندوقی دراوی نێونەتەوەیی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی... نەک هەر یەک لەدوای یەک دەوڵەتانی ئەوروپای ڕاکێشایە ژێر هەژموونی خۆیەوە و نیولیبرالیزمی وەک سیستەمێکی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردن تیایاندا چەسپاند، بەڵکو سیاسەتی پێدانی قەرز، کە خۆی شێوازێکی ناردنەدەرەوەی سەرمایە بوو، بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقیا و داسەپاندنی داوا و مەرجێک کە پلاتفۆرم و کارکردە سیاسی و ئابوورییەکانی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی دەیخواست.. هەلومەرجێکی تازەشی لەئاست ئەم وڵاتانەدا پێکهێنا. سەرەتا دەوڵەتی شیللی لە ئەمریکای لاتین لەسەردەمی ڕێگاندا، بەپێی سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و ئابووری و حکومەتی کرایەوە و لە نفوزی ڕوسیا دەرهێنرا. دواتریش لە هەریەک لە وڵاتانی وەک بەرازیل، ئیسرائیل و سەنگافورە ڕاکێشرانە نێو ئەم ڕەوەندەوە کە لەژێر سایەی کارکردەکانی نیولیبرالیزامدا کەوتبووەڕێ.
بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم کارکرد و سیاسەتانەی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی لە هەلومەرجێکدا گیرایەبەر کە هەم سەرمایەداری لە وڵاتانی "جیهانی سێهەم"دا (بەدیاریکراوی لەنێوان سەرەتای ساڵانی شەستەکان بۆ ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستدا) یەکەمین قۆناغی دامەزراندنی خۆی تێپەڕکردبوو، وە هەریەکەیان بەپێی پێداویستییەکانی سەرمایەداری،

ژێربینای ئابووری و تۆڕی گواستنەوە و پیشەسازی تایبەت بەخۆیان دامەزراندبوو، وە هەم کاردابەشکردنی جیهانی سەرمایەداریش، لەنێوان وڵاتانی ئیمپریالیستی/ مترۆپۆڵ و وڵاتانی ژێردەسەتەی ئیمپریالیزم (وڵاتانی وابەستە)دا، بەوجود هاتبوو. تەنانەت دابەشبوونی ناوچەکانی نفوزی سەرمایە، لەنێوان هەردوو بلۆکی شەرق و غەربدا، بەئەنجامی خۆی گەیشتبوو. کە تێیاندا مۆدێلەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی و سەرمایەداری بازاڕی ئازاد، وەک دوو مۆدێلی جیاواز و تەنانەت دژبەیەک، سیما و ناوەڕۆکی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەم وڵاتانەی یەکلاکردبووەوە. بێگومان لە وەها دۆخێکدا ڕێگان و نیولیبرالیزمی ئەمریکایی نەیتوانی هەر لە سەرەتاوە بەهەمان ئاستی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە وڵاتانی ئەوروپادا جێیخست، لەئاست وڵاتانی "جیهانی سێهەم"یشدا بەدەستی بهێنێ، چونکە خودی دنیای دووقوتبی و لەئارادا بوونی نفوزی سۆڤیەت وەک بلۆکێکی ئیمپریالیستی تەواو پێچەوانە بە بەرنامە و کارکردە جیهانییەکانی نیولیبرالیزم، ڕێگری سەرەکی بەردەم ئاوەها گۆڕانکارییەک بوو. بەمجۆرە سەردەمی جەنگی سارد و دنیای دووقوتبی، بۆ ساڵانێک ڕەوتی چوونەپێشەوە و یەک کاسە کردنەوەی جیهانی سەرمایەداری بەپێی کارکرد و پلاتفۆرمی نیولیبرالیزم لە چاوەڕوانی و بزاوتێکی شێنەییدا ڕاگرت.

لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی بلۆکی شەرقدا، نیولیبرالیزم و باوەڕەکانی، دەرگایەکی نوێی بەڕوودا کرایەوە کە ئەویش دووبارە سازدانەوەی دنیا و سەرمایەداری جیهانییە.

**شەپۆلی سێهەم: نیولیبرالیزم و جیهانسازی سەرمایەداری:**

ڕوخانی دیواری بەرلین و لە مەیدان دەرچوونی ڕوسیای سۆڤیەتی، وەک بلۆکێکی ئیمپریالیستی، لەگەڵ ئەوەدا دەرگای بازاڕێکی فراوان و ناوچەیەکی گرنگی لەبەردەم نفوزی سەرمایەی ئەمریکایی و ئەوروپاییدا کردەوە، هاوکات

خودی مەوجودییەتی بلۆکی غەرب و زەرووڕەتی مانەوەی خستەژێر پرسیارەوە. لە دۆخێکی ئاواشدا ئەمریکا و نیولیبرالەکانی وادارکرد بەوەی پرۆژەی دووبارە سازدانەوەی دنیا و جیهانسازی سەرمایەداری بەجۆرێک کە باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهاندا زامن بکات، بۆ جارێکی تر بەدەستەوە بگرێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرۆژەیەش ئابووری و سیاسەت و پەیوەندی نێوانیان، هەروەها مەلزومات و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی دنیا، جارێکی تر پێناسە بکاتەوە. پرۆژەی "نەزمی نوێی جیهانی"، کە سەرەتا لەلایەن هەردوو بۆشی باوک و کوڕەوە بەدەستەوە گیرا، هەڵگری هەمان ئەو خەون و ستراتیژە بوو کە ڕێگان یەکەمجار بۆی ڕوانی.

نەزمی نوێی جیهانی بەمانای ئەوەی ئەمریکا لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە هەژموونی و باڵادەستی بەسەر دنیادا زامن بکات، وە لە ڕووی ئابووریشەوە، جیهانسازی سەرمایەداری بەجۆرێک بێت، کە سەرمایە و کارتیل و کۆمپانیا ئەمریکییەکان تێیدا میحوەر بێت. بەڵام لایەنە سەرەکییەکانی ئەم نەزمە نوێیە، ئەگەر لە شێوە گشتییەکەیدا بەکورتی ئاماژەی بۆ بکەین، لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبێتەوە:

**یەکەم:** دەست بردن بۆ جەنگ و گەمارۆی ئابووری لەپێناو فەرزکردنی هەیمەنە و ڕابەریی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، هاوکات ملکەچ پێکردنی دەوڵەتانی نەیاری ئەمریکا لەئاست ئەوروپا و دنیادا و ڕاگرتنی هێزە دەوڵەتییەکان لەژێر سایەی تەوازن و نیزامێکی سیاسی نێودەوڵەتی یەک قوتبیدا کە نیولیبرالیزمی ئەمریکا نەخشەکێشیەتی. بە واتایەکی تر دەستبردن بۆ سیاسەتی گەمارۆی ئابووری بۆ ملکەچ پێکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا نایەتەوە، هەروەها پەنابردن بۆ جەنگ وەک فاکتۆرێک لە ڕاستای جێخستنی هاوسەنگی نێودەوڵەتی و سیستمە ئەمنیەکان (چ بەمانای ئەمنیەتی جیهانی و چ لە ئاست ئەمنیەتی ناوچەییدا) تا فەزایەکی

ئارام لەبەردەم ئازادی سەرمایە و بازرگانی جیهانیدا بەوجۆرەی ئەمریکا باڵادەستە بەسەر دنیاوە، برەخسێ. جەنگەکانی ئەمریکا لەعێراق، ئەفغانستان، و دووبارە عێراق، کە لە ڕاستای دووبارە سازدانەوەی دنیای دوای ڕوخانی بلۆکی شەرق گیرانە بەر، لە دوائەنجامدا ڕوویان لەم ڕەوەندە بوو.

**دووەم:** دیموکراتیزەکردنی دنیا بە تەعریفێک کە نیولیبرالیزمی ئەمریکایی بۆی کردووە (بەوجۆرەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە). لە یەکەمین هەنگاویشدا هەوڵدان بۆ گۆڕینی "دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان" چ ئەو دەوڵەتانەی لەبازنەی بلۆکی بەناو کۆمۆنیستی ڕوسیا بوون لەئاست ئەوروپادا (دیارە بە ڕوسیا خۆشیەوە) و چ ئەوانەی لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتیندا، وەک ناوچەی نفوز و پاشماوەی ئەم بلۆکە بوون، بۆ "دەوڵەتانی دیموکراسی". سەردەرهێنانی "شۆڕشی نارنجی" لە وڵاتانی ئەوروپای شەرقی، لەوانە بولگاریا، ڕۆمانیا، ئۆکرانیا و... هەروەها هەڵوەشانەوەی چیکۆسلۆفاکیا و یوگۆسلافیا... و گۆڕینیان بە دەوڵەتی دیموکراسی، بە پشتیوانی ئەمریکا و ئەوروپا، نموونەیەکە لە سیاسەتی دیموکراتیزەکردنی دنیا. ڕوخانی ڕژێمی سەدام و دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی عێراق نموونەیەکی تری ئەم ئاڕاستەیەیە، کە هەموومان شاهیدی ئەوەین ئەنجامەکەی سەری لە چ زەلکاو و گێژاوێک دەرهێناوە.

**سێهەم:** لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆمۆنیزم و هەر باوەڕێکی جیهاندیاگر و ئینسانگەرایی جیهانی و لێرەشەوە هێرش و پەلاماردانی هەر باوەڕ و پرەنسیپ و ئایدیایەکی سۆشیالیستی و چەپگەرا و ڕادیکالیزمێک، کە پشتی بە بیرۆکەی چینەکان و خەباتی چینایەتی لە سیاسەتدا بەستبێت.

**چوارەم:** جێخستنی ئابووری بازاڕ، وەک تەنها مۆدێلێکی موعتەبەر بەسەر سیستم و کردە ئابووری و بازرگانییەکاندا. بەجۆرێک کە هەر وڵاتە پەیڕەو

لەم ئاڕاستە سەرەکییانە، لە بازاڕی ناوخۆیاندا بکەن:
١/ کورتکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت. ئەمە نەک هەر بەمانای ئەوەی دەوڵەت ڕێگری و دەخاڵەت لە کردە ئابووری و بازرگانییەکاندا نەکا، بەڵکو خۆی ڕەها بکات لە بەدەستەوە گرتنی پرۆژە ئابووری و بازرگانییەکان و سپاردانی بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، بەمجۆرەش هەوڵدان بۆ بەتایبەتی کردنی هەموو ئەو پرۆژە ئابووری و بازرگانییانەی کە پێشتر لەدەستی دەوڵەتدا بووە و بە کەرتی دەوڵەتی ناسراوە.
٢/ تەقلیسکردنی پێکهاتەی دەوڵەت و سازدانەوەی وەک دەوڵەتی نابەرپرسیار، ئەمە هەم بەمانای کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت و گێڕانەوەی بۆسەر سەرمایەی بەرهەمهێن، وە هەم دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ لەبەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان (لەوانە ئاو، کارەبا، گەیاندن، خویندن، تەندروستی و پاکژی...) و هەڵوەشانەوەی ئەو بەشە لە کرێی کرێکاران کە بە شێوەی خزمەتگوزاری و بیمەی کۆمەڵایەتی بە هاوڵاتیان دەدرا.
٣/ بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سک هەڵگوشین و لێگرتنەوەی ئابووری وەک خاڵێکی سەرەکی لە پلاتفۆرمی دەوڵەتدا، لێرەشەوە گرێدانەوەی دەوڵەت لە بڕیار و سیاسەتی دامەزراوە جیهانییەکانەوە و پەیڕەو لێکردنیان، لەوانە بڕیارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ڕێکخراوی کاری جیهانی، نەتەوە یەکگرتوەکان.
٤/ هێرش بۆسەر دەستکەوتەکانی چینی کرێکار، هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بەشانەی کە لە شێوەی بیمە و خزمەتگوزاریدا بە کرێکار دەدرا. هەروەها هێرش بۆسەر ئازادی ڕێکخراو بوون و مانگرتنی کرێکاری و هەڵوەشانەوەی حەق و حقوقی سەندیکایی کرێکاران. لە ئەنجامی ئەمانەشدا هێنانە خوارەوەی بەهای واقعی ئاستی کرێ و بژێوی کرێکاران و هەرزان کردنی.

٥/ هەڵوەشانەوەی سیاسەتی پاراستن (سياسة الحمائية السلع) و کۆنترۆڵی کاڵای مەسرەفی و گرتنەبەری سیاسەتی "دەرگای کراوە" لەبەردەمیاندا. بە ئاستێک کە کاڵای مەسرەفی، پێویست بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی کرێکاران و هاوڵاتیان، بە نرخێکی هەرزان و لەدەرەوەی کواڵیتیان دابین بکرێ.

٦/ خۆلادان لە سیستەمی گرێبەستی فەردی و بەکۆمەڵ وهەڵوەشانەوەی کاری هەمیشەیی و ڕووکردنە پرەنسیپی "زیرۆ کۆنتراکت zero contract" و "کاری ناجێگیر". بەڕادەیەک کە مونافەسەی کرێکارانی لەسەرکار و بێکار لە بەدەستهێنانی کاردا بەو ئاستە بگەیەنێ کە هەردوو بەشەکەی کرێکاران ملدان بە خواستەکانی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بدەن. لێرەشەوە ڕاگرتنی بەردەوامی ڕوولەسەری ڕێژەی بێکاری.

٧/ ...

بەڵام وەکو ئەوەی ڕووداوەکانی دنیا لەسەرەتای دەیەی نەوەدەکانەوە تائێستا نیشانمان ئەدات، نیولیبرالیزمی ئەمریکایی، سەرەڕای ئەوەی دنیای لە نائارامی و جەنگ و کاولکاری و تیرۆریزمدا نقومکرد، سەرەڕای ئەوەی هەژاری و ئاوارەیی و ماڵوێرانی دنیای داگرت و سیناریۆی ڕەشی کردە نسیبی کۆمەڵگاکان، بەڵام نەیتوانی دنیا بەپێی "نەزمی نوێی جیهانی" سازبداتەوە و جێگاوڕێگای ڕابەری و باڵادەستی ئەمریکا بەسەر دنیاوە، بکاتە میحوەری ئارایشتدانەوەی هێزەکانی چینی بۆرژوازی لەدنیادا. بەتایبەتیش هەڵکشانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم وەک ڕەوتێکی جیهانی لە فەزای دوای ڕوخانی بلۆکی شەرقدا، هەروەها سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهانی ساڵی ٢٠٠٨، شۆڕشەکانی دنیای عەرەبی، جەنگ لە سوریا و دەرکەوتنی جەمسەری نوێی ئیمپریالیستی (لەوانە: ڕوسیا و چین، یەکێتی ئەوروپا)، هاوکات دەرکەوتنی جەنگە ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

لیبیا و یەمەن و سۆماڵ و... ڕۆڵی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و هێزە ناوچەییەکان تیایاندا... هەموو ئەمانە ئامانج و ستراتیژی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی بەوجۆرەی کە لە پرۆژەی "نەزمی نوێی جیهاندا" وێنای بۆکرابوو، ڕووبەڕووی ڕاوەستان و شکست بووەوە، بەمجۆرەش پرۆسەی جیهانسازی سەرمایەداری سەردەم لە ئێستادا، بەکراوەیی، لە ناڕۆشنی و بێئەلتارناتیڤیدا، بەدیار ئاکامەکانی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندی نێوان هێزە ئیمپریالیستیەکان و ڕێکەوتنیان لەسەر دابەشکردنەوەی دنیا لەنێوان خۆیاندا ماوەتەوە.

* * *  * * *  * * *

وەک ئەنجامگیرییەکی گشتی لەم باسەی کە تا ئێرەمان هێناوە دەبێ ئەوە بڵێین کە: نیولیبرالیزم وەک جووڵانەوەیەکی بۆرژوازی سەردەم لە ئایدیاوە تا نەزم و نیزامێک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەگەڵ ئەوەدا لە ڕوانگەی سەرمایە و سەرمایەدارییەوە وەڵامێکی بە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان داوەتەوە، هاوکات گۆڕانکاری گەورەی لە دنیادا بە ئاڕاستەی "نیولیبرالیزەکردنی جیهان"دا جێخستووە. بەدیاریکراویش لەلایەک توانیویەتی پەیوەندییەکان و هاوسەنگی نێوان بلۆک و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بگۆڕێ و دەرگای قۆناغێکی نوێ لەبەردەمیاندا بکاتەوە، وە لەلایەکی تریشەوە توانیویەتی پەیوەندی و هاوسەنگی ئەم دەوڵەتانە و مۆنۆپۆلەکانیان لەگەڵ ناوچەکانی نفوز و دەوڵەتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزم بگۆڕێ و بەرەو ئاستێک ڕایانکێشێت کە قۆناغی نوێی پەرەسەندنی ئابووری و بازاڕی سەرمایەداری جیهانی دەیخوازێ. وە لەسەر ئەم دوو لایەنەش پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە چ لەئاست بازاڕی ناوخۆی هەر وڵاتەداو چ لە مەودای جیهانیدا، بە قازانجی چینی بۆرژوازی بگۆڕێ،

لێرەشەوە سیاسەت و دەوڵەتی چینایەتی سەرمایەداران بەرامبەر بە گشت چینی کرێکاری جیهان و جەماوەری زەحمەتکێش بباتە پێشەوە. مەبەستی ئێمەش لە جیهانسازی سەرمایەداری کە ڕەوتی نیولیبرالیزم گرتوویەتیەبەر هەرئەمەیە. یانی لەناوەڕۆکدا شتێکی جیاواز و زیاتر لەو تیۆر و باوەڕانە نییە کە لینین لە پەیوەند بە ئیمپریالیزم وەک باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری خستویەتیەڕوو، واتە: "سازدانەوەی ئابووری جیهان، لەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی ڕێژەی ڕوولەسەری نائاسایی قازانجی ئیمپریالیستانە لە بەرهەمهێناندا، لەڕێگای چەوسانەوەی هێزی کاری هەرزانی چینی کرێکاری جیهانەوە".

**بۆرژاوازی کورد و نیولیبرالیزم:**

بۆرژوازی کورد، بەپێچەوانەی چینی بۆرژوازی لیبرالی غەربیەوە، چ لەمێژووی شکڵگرتنی خۆیدا و چ لەپەیوەند بە سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە کوردستاندا، نە هەڵگری پەرچەمی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگای مەدەنیەت بووە، وە نە لەدژی کۆنەپەرستی دەرەبەگایەتی و سوننەت و فەرهەنگی ئاینی و خێڵەکیتی و هەموو ئەو دەرکەوتانەی کە پێچەوانە و بەربەستن لەسەر ڕێگای هاتنەکایەوەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، سەریهەڵداوە و خۆی ناساندووە. هەربۆیە نە لەڕابردوو، وە نە لە ئێستاشدا هەڵگری هیچ جۆرە خەسڵەتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە و هیچ ئاستێک لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەبووەو نییە. پێگرتنی ئەم چینە کە هاوسەردەمە لەگەڵ بوونی ئیمپریالیزم و دابەشکاری و ئیلحاقی نەتەوەکاندا، لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر نەتەوەی کورد سەرهەڵدەدا و لێرەشەوە دەبێتە ئاڵاهەڵگری ڕەگەیەکی سیاسی و فکری، کە ئەویش جووڵانەوەی کوردایەتی و ناسیونالیزمێکی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتیە. بەمجۆرەش لیبرالیزم وەک ڕەوت و ڕەگەیەکی فکری و سیاسی سەر بە چینی بۆرژوازی، پێگەیەکی واقعی

لەدەرروونی چینی بۆرژوازی کورددا، نییە. تەنانەت لیبرالیزم و باوەڕەکانی بابەتیک نین بۆ خۆنواندنی ئەم چینە وەک چینێکی یەکپارچە لەئاست کۆمەڵگادا، هاوکات دەزگا و ئامڕازێک نین بۆ هەڵخڕاندنی ڕیزەکانی خۆی و نەتەوەکەی. هەربۆیە تەقریبەن هەموو ئەو حزبانەی لە کۆشی ئەم چینەوە داکەوتوون، سەرەڕای جیاوازی ڕواڵەتیان، حزبەکانی سەر بە جووڵانەوەی ناسیونالیزمی کوردن و بەم یان بەو ئاستە باوەڕ و سونەت و فەرهەنگی ئەم جووڵانەوەیەیان لەخۆیدا پاراستووە و عەکس کردۆتەوە، کە بە "کوردایەتی" خۆی ناساندووە.

مەسەلەی خاک، کوردبوون وەک ڕەگەزێکی تایبەت، ئابووری لادێ و پیاوەتی و ڕەسەنایەتی فەرهەنگ و دابونەریتی باوباپیران، تەقدیسکردنی کەسایەتی ئاینی و سەرۆکی خێڵ و شێخ و مەلا، ڕابردووپەرستی و سوننەتی پێشمەرگانە وخۆبەستنەوە بەدەوڵەتانەوە... ئەمانە چەمک و باوەڕەکانی ناسیونالیزمێکە کە بۆرژوازی کورد لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری و شکڵگرتنی کۆمەڵگای مۆدێرنی شاریی کوردستاندا، بۆ پاساودانی شەڕی ڕزگارکردنی کوردستان لەدەستی داگیرکەران، وەک ئاڵایەک بەدەستیەوە گرت و مێژووی سیاسی کوردستانی پێ لەقاڵبدا. بێگومان لە ڕەوتێکی ئاواشدا نەک هەر چەمکەکانی وەک ئازادی تاک، مەدەنیەت و سکولاریزم و... جێگایەکیان نییە، بگرە باسی دیموکراسی و پەرلەمان، بابەتێکی فۆرماڵی و کارتۆنیە.

بەڵام بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و بەدەسەڵات گەیشتنی چینی بۆرژوازی کورد، ناسیونالیزم و حزبەکانی کارکردەکانی نیولیبرالیزمیان وەرگرت (بەتایبەت لەپەیوەند بە ئابوورییەوە) و بەجۆرێک نیولیبرال بوونەوە. دیارە ئەمە بەمانای "غەربیبوونەوە" و ڕۆچوون بەرەو پرەنسیپ و فەرهەنگی مۆدێرنی ئەوروپایی، لەبواری سیاسەتکردن و دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی

کۆمەڵگادا نەبووە و نییە، بەڵکو لە پێداویستی کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ناوخۆی کوردستان و چۆنیەتی وەگەڕخستنی سەرمایە لەسەر بنەمای هێزی کاری هەرزان و هێنانەکایەوەی جۆرێک لە سیستەم و دەسەڵات کە هیچ جۆرە بەرپرسیاریەتییەکی نەبێت بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، سەرچاوەی گرتووە. بێگومان لەم پەیوەندەشدا خۆسازدان لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و کارکردەکانیدا، کە نیولیبرالیزم تیایدا باڵادەستە، یەک پێداویستی حەیاتی و بەردەوامە. بەتایبەتی کە بوژانەوەی بازاڕ و ئابووری کورستان بە پلەی سەرەکی بەندە بە بواری پشکنین و دەرهێنانی نەوت و گاز و مەوادی ژێرزەمینی و چۆنێتی هەناردە کردنیان بۆ بازاڕی جیهانی، پێویستی ڕاکێشانی سەرمایە و کۆمپانیا دەرەکییەکان و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی قەرز، گەرمکردنی بازرگانی و هاوردەکردنی کاڵای مەسەرەفی بەنرخێکی هەرزان دەخوازێ؛ هەموو ئەمانەش ناتوانرێ لە دەرەوەی بازنەی ئابووری بازاڕ و لەژێر کارکرد و مەرجەکانی نیولیبرالیزم و دەزگا نێونەتەوەییەکانیدا دەرچێ و سایە و سێبەرنەگرێ. یاسای "وەبەرهێنانی کۆمپانیای بیانی لە کوردستان"، "یاسا و ڕێنماییەکان سەبارەت بەپێدان و بەکرێدانی زەوی بۆ بواری بەرهەمهێنان"، "ڕێنمایی و بڕیارەکان لەپەیوەند بەپشکنین و گەڕان بەدوای نەوت و گازدا"، "یاسای چاکسازی لە بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینیدا"... ئەمانە و گەلێک یاسا و بڕیاری تر ڕاستەوخۆ لەژێر تیشکی کارکردەکانی نیولیبرالیزمدا، پەسەندکراون و خراونەتە بواری کارپێکردنەوە.

لەمەش زیاتر سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و بەرنامەیەک کە حکومەت لەژێر ناوی "چاکسازی ئابووری لەپێناو بەشداری لە گەشەپێدان و پاراستنی نەداران"دا، بۆ تێپەڕین لەم قەیرانە ڕایگەیاندووە، بەهەمان شێوە ئەو هەنگاو و سیاسەتە ئابوورییانە لە کوردستاندا بەڕێوە

دەبات، کە نیولیبرالیزم و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بەسەر دەوڵەتانی قەیرانگرتووی سەرمایداری لە دنیادا دایسەپاندووە، تا شکاندنەوەی ئاکامەکانی ئەم قەیرانە بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمتکێشدا، وەک ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری بەڕێوەی بەرن.  سەرەکیترین لایەنەکانی ئەم بەرنامەیەش بریتیە لە:
تەقلیسکردنی پێکهاتی دەوڵەت و کەمکردنەوەی مەسروفاتەکانی (ئەمە بەمانای بەرینکردنەوەی ڕێژەی بێکاری)، سپاردنی پرۆژە ئابوورییەکانی دەوڵەت بە کەرتی تایبەتی لەپێشیانەوە بوارەکانی خزمەتگوزاری (ئەمە بەمانای بەتایبەتی کردنی ئاو و کارەبا و خویندن و تەندروستی و گواستنەوە و پاکژکردنەوە و...)، بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی لیگرتنەوە و سکهەڵگوشینی ئابووری و خۆدزینەوەی دەوڵەت لە هەرجۆرە کۆمەکێک بە نرخی کاڵای خۆراکی و سوتەمەنی و دانی بیمە و ئیمتیازات بە هاوڵاتیان (ئەمە بەمانای پەلاماردان و هێنانەخوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان)، چاککردنی کەرتی دارایی گشتی و بانک، لەسەر بنەمای کۆنتۆڵی پارە و خەرکردنەوەی لەدەستی حکومەت و لەخوارەوە ڕاگرتنی بەهای دراو (ئەمە بەمانای هێنانە خوارەوەی توانای کڕینی کاڵا پێویستەکان و هەرزان ڕاگرتنی ئاستی کرێ و موچە...).
ئەو ڕاستییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، ئەوەمان پێدەڵێت کە بۆرژوازی کورد ناتوانێ بۆرژوازییەک بێ لەجۆری لیبراڵ و نیولیبراڵ، بەلام وەک ئەوەی کە ئابووری جیهانی لەسەر بنەمای پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان کار و سەرمایە و چەوساندنەوەی هێزی کار، وەک دەرکەوتە و کردەیەکی جیهانی دەچێتە پێشەوە و ئابووری و بازاڕی ناوخۆی هەر وڵاتە، لەوانەش ئابووری و بازاڕی ناوخۆی کوردستان، تەنها لەم چوارچێوەیەدا دەتوانێ دامەزرێ و پەرەبسێنێ و تەنانەت بەسەر قەیرانەکانیشیدا زاڵ بێت، بۆرژوازی کورد و ناسیونالیزم و دەسەڵاتەکەی ناچارە بە پەیڕەوکردن لە

کارکرد و بڕیارەکانی ئەم سیستەمە ئابوورییە جیهانییە، دیارە ئەویش لە سەردەمێکدا کە ئابووری بازاڕ و نیولیبرالیزم جیهانی بۆتەوە.

**نیولیبرالیزم و سیاسەتی**
**بەتایبەتیکردن (خصخصة) و هەڵوێستگرتن لێی:**

سەرەتا بابزانین تایبەتیکردن چییە و بەشوێن چ ئامانجێکەوەیە؟
ڕەهاکردنی ئەو بەشە لە بواری بازرگانی و ئابووری، کە بە دەستی دەوڵەتەوەیە و ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەت خۆیەوە بەڕێوەدەبرێ و وەگەڕدەخرێ و سپاردنی بە سەرمایەدارانی کەرتی تایبەتی، کە هەندێجار فرۆشتن و گوێزانەوەی مۆڵکدارێتی بەدواوە دەبێت. ئەمە سیاسەت و میکانیزمێکە کە مۆدێلەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی و ئابووری بازاڕ، لە سەردەمان و قۆناغی جیاجیادا، بە ئاستی فراوان و تەسک، بۆ مەبەستی تایبەت گیراوەتەبەر. بەڵام بە پلەی یەکەم ئەم سیاسەت و میکانیزمە لە سەردەمانی قەیرانی ئابووریدا پەیڕەوی لێدەکرێت و بەگشتی ئاڕاستەیە بۆ ئەو بوارە ئابووری و بازرگانیانەی کە بەئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە پەیوەندە (بەتایبەتیش بوارەکانی خزمەتگوزاری وەک تەندروستی، ئاو و کارەبا، گەیاندن و هاتوچۆ، خوێندن و پەروەردە، پاکژی و هاوردەکردنی ئەو کاڵا مەسرەفیانەی بە خۆراک و بژێوی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە پەیوەندییان هەیە)، کە لە بنەڕەتەوە ڕووی لە ئامانجی چڕکردنەوەی داهات و سەرمایەیە لەدەستی دەوڵەتدا، کە بێگومان لەهەموو حاڵەتێکدا، بێکارسازی و گرانی و هەژاری و هێنانە خوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی بەدواوە دەبێت.
ئەگەر سیاسەتی بەتایبەتیکردن لەسەردەمی دنیای دووقوتبیدا، لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەستی بۆ برابێت، کە مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی تیایاندا زاڵبووبێت، ئەوا زیاتر بۆئەوە بووە کە پێکهێنانی هاوسەنگی نێوان توانای

بەرهەمداریی بەشەکانی سەرمایە (سەرمایەی خسوسی و دەوڵەتی، کە بەکەرتی گشتی و تایبەتی ناوبراوە) بەقازانجی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت بەدەستەوە بگیرێ و لەم ڕێگایەوە داهاتی زیاتر لەدەستی دەوڵەتدا چڕکاتەوە، تا ئابووری وڵات لە ڕکود و ڕاوەستان دەرباز بکات. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا، بەتایبەتیش لەم دوو دەیەی دواییدا کە نیولیبرالیزم و کارکردەکانی ڕەوتێکی زاڵ بووە بەسەر ئابووری جیهاندا، سیاسەتی بەتایبەتی کردن ڕاستەوخۆ بۆ جێخستنی ئابووری بازاڕ و وەدەرنانی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی بووە لە بازنەی ئابووری جیهانی سەرمایەداریدا. لەم چوارچێوەیەشدا میکانیزمێک بووە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی ئابووری وڵاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا بەجۆرێک کە ئەم ئاڵوگۆڕانە کۆمەک بکات بە دەرچوونی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لەو قەیرانە ئابووریەی یەخەی پێگرتوون.

بەڵام لە کوردستان "سیاسەتی بەتایبەتیکردن"، لە فۆرمێکدا دەستی بۆبراوە و دەچێتە پێشەوە، کە سەراپا تێکەڵە بە گەندەڵی و دزی و بەتاڵانبردنی داهات و سامانی کۆمەڵایەتی. نەبوونی دەوڵەت و ناجێگری سیاسی، هاوکات وجودی حاکمیەتی ناوچەیی ئەحزابی میلیشیایی و زاڵبوونیان بەسەر هەموو کردە و بوارە ئابوری و بازرگانی و داراییەکاندا، دۆخی ئابووری وڵاتیان لە بێسەرەوبەرەیی و تێکەولێکە و ئانارشیزمێکی گشتگیردا ڕاگرتووە. لە وەها دۆخێکدا، بەتایبەتیکردن هەر ڕووی لەوە نییە کە ئابووری کوردستان بازاڕی بێتەوە و حکومەت خۆی لە بەڕێوەبردن و وەگەڕخستنی هەندێک بواری ئابووری و بازرگانی ڕەها کا و ڕێژەیەک لە داهات و سەرمایە لەدەستی خۆیدا کۆکاتەوە، تا وەڵام بە هەستانەوەی باری داڕوخاوی ئابووری وڵات بداتەوە، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی ڕێژەی خەیاڵی سەرمایە و داسەپاندنی دەسەڵاتێکی نابەرپرس لە ئاست ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا.

ئەمەش لە دوو ئاستی سەرەکیدا بەرجەستەیە:
**یەکەم:** "بەتایبەتیکردن" ناوی سیاسەتێکە بۆ هەڕاجکردنی مەوادی ژێر زەمینی (نەوت، گاز، چیمەنتو و گەچ و ئاسن..) و هەناردەکردنیان بۆ بازاڕی جیهانی، ئەمەش لەژێر پەردەی یاسا و بڕیارەکانی حکومەتدا، بەشێوەی بەستنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکان و ڕێکەوتنە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ دەوڵەتاندا دەچێتە پێشەوە. لەمبارەوە بوارەکانی پشکنین و دەرهێنانی نەوت و گاز و ناردنەدەرەوەیان، سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ کۆکردنەوەی داهات و سەرمایەی زۆروزەبەند، بەشێوەی "بەئیجارەدانی کێڵگەکان - یانی ریع/ سووخۆری" (هەندێکجار ئەم بابەتە لەژێر ناوی "شیرینی کۆمپانایاکان"ەوە خڕدەکرێتەوە). وە یا بەشێوەی "پێدان و وەرگرتنی بەش" و هەندێکجاریش وازهێنان لە ڕێژەیەک بۆ کۆمپانیا دەرەکییەکان و دەوڵەتانێک کە پرۆسەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئەم مەوادانەیان پێسپێردراوە.
**دووەم:** "بەتایبەتیکردن" میکانیزمێکە بۆ هەڵتۆقینی تۆڕێک لە کۆمپانیای بەناو ئەهلی، کە خاوەنەکانیان، بنەماڵەکانی دەسەڵات، بەرپرسانی حزبی و حکومەت و سەرمایەدارانێکە کە لە بازنەی پەیوەندییەکانی حزب و دەسەڵاتەوە سەریان دەرهێناوە. ئەم تۆڕە کە ناوەندەکانی بازاڕ و بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری لە ئاست ناوخۆدا دەچەرخێنێ، نفوز و دەخالەتی بۆ نێو پرۆژە ئابووری و بازرگانییە بچوک و مامناوەندییەکان درێژ بۆتەوە و ڕۆڵێکی ئیحتکارییانەی تەواو دەگێڕێ. کۆمپانیا بەناو ئەهلییەکانی کەرتی تایبەتی کە بەڕێوەبردنی بوارەکانی خزمەتگوزارییان بەپێی گرێبەست، وەیا بەئیجارەدان، پێسپێردراوە، هەروەها ئەو پرۆژە ئابووری و بازرگانییانەی کە سەرمایەی بچووک و مامناوەند هەڵیدەسوڕێنن، لەوانە پرۆژەی هاوردەکردنی مەوادی خۆراکی، دەرمان، کارگاکان، خانووبەرە دروستکردن... تا دوا ئەڵقەی بچوک بۆ کۆکردنەوەی ڕێژەی داواکراوی داهات و بەش لە کۆمپانیاکان دەستی

خۆی درێژدەکات.
لەکەنار ئەم تۆڕەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیدا، ئەوە پرۆژە و دامەزراوەکانی "کەرتی گشتییە" کە بە فەرامۆشی سپێردراوە و وەک پاشماوەی "پەیکەرەی دایناسۆرەکان" بە ئابووری وڵاتەوە دەبینرێن.
بێگومان لە وەها دۆخێکدا بەتایبەتیکردن، لەگەڵ ئەوەدا سیاسەت و میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەی داهات و کەڵەکەی خەیاڵیی سەرمایە لە دەستی چینی بۆرژوازی و سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکاندا، لەهەمانکاتدا ڕاکێشانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە بۆژێر سایەی دۆخێکی کارەساتبار و لەڕادەبەدەری سەختی ئابووری. بە واتایەکی تر بەتایبەتیکردنی پرۆژە ئابوورییەکانی دەوڵەت و سپاردنی بوارەکانی خزمەتگوزاری بە کەرتی تایبەت، میکانیزم و سیاسەتێکە بۆ لێگرتنەوەی ئابووری و هێنانە خوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و داسەپاندنی هەژاری و بێکاری زیاتر.
کەوایە هەڵوێست لەم سیاسەت و میکانیزمە چییە؟
مادام سیاسەتی بەتایبەتیکردن، دەبێتە مایەی هەژاری و بێکاری و لێگرتنەوە لەئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، بەدڵنیایەوە دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان لەدژی ڕابوەستن و خەباتی لێبڕاوانەی خۆیانی لەبەرامبەردا بەڕێبخەن، بەڵام ئەم خەباتە و ئەم دژایەتیکردنە نابێ ڕووی لە داکۆکیکردن بێت لە ئابووری دەوڵەتی و کەرتی حکومی کە بە "کەرتی گشتی" بە خەڵک ناسێندراوە، چونکە ئەمە بەمانای داکۆکیکردن و مانەوەیە لە هەلومەرجی ئابووری داسەپاو بەسەر کۆمەڵگادا، کە هەژاری و بێکاری و ناشایستە بوونی خزمەتگوزارییەکان گۆشەیەکی سەرەکییەتی.
کرێکاران و زەحمەتکێشان، وەک ئەوەی کە هێشتا دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان لەدەست نەگرتووە و هێشتا لە کۆمەڵگایەکدا ناژین کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بووبێتە موڵکداریێتی گشتی، ئەوە گرنگ نییە کە موڵکداریێتی

سەرمایە و پرۆژەکان کێن و لەلایەن کێوە بەڕێوە دەبرێن! دەوڵەت یان کەرتی تایبەتی، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەم چینە گرنگە لە هەر گوێزانەوەیەکی موڵکایەتیدا و لە هەر سیاسەتێکدا کە پرۆژە ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییەکان لە حکومەتەوە دەسپێرێ بە کۆمپانیا و بەڕێوەبەرانی ئەهلی و کەرتی تایبەت، شوێنکەوتنی ماف و ئازادییەکانیانە، داکۆکیکردنە لە زامنبوونی کار و ئاستی کرێ و بیمە و ئیمتیازاتەکانیانە، یانی داکۆکیکردنە لە باشبژێوی و مسۆگەرکردنی خزمەتگوزاری شایستە. لەمەش زیاتر، بەو جۆرەی سیاسەتی بەتایبەتیکردن، جەماوەری کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لەنێوان شەڕ و مونافەسەی بەشەکانی سەرمایەدا دادەنێ، نابێ کرێکاران خۆیان بە لایەنێکی ناچار بزانن، بەوەی کە دەبێ لەنێوان کەرتی دەوڵەتی و تایبەتدا، یەکێکیان هەڵبژێرن، بەپێچەوانەوە دەبێ خەباتی چینایەتی خۆیان لەدژی هەموو جۆرەکان و بەشەکانی سەرمایە یەکخەن و بۆ هەڵوەشانەوەی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیزم تێبکۆشن.

## ئایندەی نیولیبرالیزم و خەباتی چینی کرێکار:

ڕووداوەکانی دوو دەیەی ڕابردووی جیهان، پێمان دەڵێت کە کارنامەی نیولیبرالیزم و جیهانسازییەکەی، کۆمەڵگای بەشەرییەتی لەنێو تونێلێکی تاریکدا ڕاگرتووە، بەرینبوونەوەی هەژاری و نەداری، جەنگ و کاولکاری، تیرۆر و تەقینەوە، پەرەگرتنی ڕاسیزم و کۆنەپەرستی، سەرەنجام تێکشکان و وەدەرنانی هێزێکی گەورەی ئینسانی لەمەیدانی کار و بەرهەمهێناندا و داسەپاندنی دۆخی ئاوارەیی و دەربەدەری بەسەریاندا، تا دارمانی ژینگە و هەزاران کارەسات و دەرد و مەینەتی خنکێنەر، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای بەشەریەت کراوەتەوە... ئەمانە هەموویان بەڵگەن بۆئەوەی کە بۆرژوازی و ڕەوتی نیولیبرالیزم و حکومەتەکانی، نەک هەر ناتوانن جیهان بەرەو ئاشتی و

ئارامی و خۆشگوزەرانی بەرن، بەڵکو ئامادەن سەراپای گۆی زەوی لەنێو ناڕۆشنی و گێژاو و ڕکود و بنبەستە سیاسی و ئابوورییەکانی سیستەمەکەیاندا، بەیەکجاری بخنکێنن. بە وتەی مارکس "خاوەنانی سەرمایە ئامادەن لەگەڵ بنبەست و مەرگی سەرمایەکانیاندا، کۆیلەکانی ژێردەستیان بخەنە قەبرەوە". لەلایەکی تریشەوە ئەم ناڕۆشنی و بنبەستەی نیولیبرالیزم وەک ئەوەی ئاکام و ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی کۆمەڵە بەربەست و مەحدودیاتێکی چارهەڵنەگرە، کە لەسەر ڕێگای گەشە و چوونەپێشەوەی پەیوەندییەکانی کار و سەرمایە و سیاسەتەکانی نیولیبرالیزمدا قوتبوونەتەوە، بەناچاری ئایندەی ڕەوتی نیولیبرالیزم و سیستەمە جیهانییەکەی لە مەحەکی شکست و داڕمان دەدات. نموونەی ئەو بەربەست و مەحدودیاتانەش ئەکرێ سەرەکییەکانیان ئەمانە بن:

**یەکەم:** درێژەکێشانی جەنگ و نائارامی و لەنگەرنەگرتنی هێز و بلۆکبەندییە ئیمپریالیستیەکان لە تەوازنێکی تازەدا، (کەبڕیاربوو دنیا دابەشبکاتەوە)، خۆی دەگۆڕێ بۆ هۆکارێک بۆ نەمانی ئەمنیەتی بازاڕ و سەرمایە و تەخریبی بەشێکی گەورە لە ژێرخان و هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن، کە لە ئاکامدا، بەشێکی زۆر لە سەرمایەی جیهانی لە چاوەڕوانیدا بەدیار "ئارامی ماوە درێژەوە" ڕادەگرێ و ئەمەش کاریگەری لەسەر هاتنەخوارەوەی گێچی قازانجهێنەری گشت سەرمایە لەئاستی جیهاندا دادەنێ.

**دووەم:** بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و پەلاماردان بۆ سەر ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و هێنانە خوارەوەی بەهای واقعی هێزی کاری کرێکاران، کە وەک میکانیزمێک بۆ بەدەستهێنانی زێدەبایی ڕەها و لێرەشەوە بردنەسەرەوەی ڕێژەی قازانجی سەرمایە بەدەستەوە گیراوە، خۆی سنورێکی هەیە و ناتوانێ تەجاوزی مانەوەی "زیندەگی فیزیکی" کرێکاران بکات، هەر بۆیە بەپێچەوانەی خۆی دەگۆڕدرێ و سیاسەتەکانی نیولیبرالیزم

له ناکامیدا دەهێڵێتەوە.

**سێهەم:** تەنگبوونەوەی بوارەکانی قازانجهێنەری سەرمایە، بە سود وەرگرتن لە بەرهەمهێنانی زێدەبایی نسبی. ئەمەش وەک ئاکامێک لە پڕبوونی پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە (کەڵەکە بوونی سەرمایەی نەگۆڕ لەئاستێکی بەرزدا، لەچاو سەرمایەی گۆڕدراودا) و ناکام مانەوەی ڕۆڵی تەکنۆلۆژیا لە وڵاتانی میترۆپۆڵدا.

**چوارەم:** سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی، وەک بەرئەنجامێک لە شاریبوونەوەی کۆمەڵگاکان، وە لەخۆگرتنی شەپۆلی ئاوارەیی و سیاسەتی لێگرتنەوەی ئابووری و ئەو هێرشانەی کە بۆسەر هاوڵاتیان بەڕێخراوە. شۆڕشەکانی دنیای عەرەبی، ناڕەزایەتییەکان لە جەزائیر و سودان، جووڵانەوەی هێلەک زەردەکان، ناڕەزایەتییەکان لە شارەکانی عێراق و کوردستان... نموونە گەلێکی ئەم واقعیەتەن کە هەڕەشەیەکی بەردەوامە بەسەر سەری چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەیەوە.

بێگومان دۆخێکی ئاوا، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی چینایەتی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی لەئاست دنیادا سەخت و دژوار کردۆتەوە، بەڵام هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەم ئەم چینەدا نەهێشتۆتەوە جگە لە تێکۆشان بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی خێرای ئامادەییەکان و پێداویستییەکانی، دەستبردن بۆ شۆڕشی چینایەتی کرێکاران و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی. بەتایبەتی کە لەمێژە کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر جەنگ و قەیرانە ئابووریەکانی سەرمایەداریدا ڕایانگەیاندووە: "یان سۆشیالیزم، یان بەربەرییەت".

لەلایەکی ترەوە ئەم دۆخە هەرچی زیاتر خەسڵەتی ئەنتەرناسیونالیستی و شۆڕشگێڕانەی بە تێکۆشانی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا و لێکگرێدانی هاوچارەنووسی ژیان و خەباتی ئەم چینە و بەشەکانی، لە بوعدی جیهانیدا، کردۆتە تایبەتمەندییەکی سەرەکی خەبات لەپێناو بردنەپێشەوەی ئەرکەکانی

سەر ڕێگای شۆڕشی کرێکاریدا. بە واتایەکی تر چینی کرێکار لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ لەپێشدا حسابی خۆی لەگەڵ چینی بۆرژوازی لەئاست وڵاتەکەی خۆیدا یەکلابکاتەوە و دەسەڵات بگرێتە دەست، دەبێ بە ئاسۆ و ستراتیژییەکی ئەنتەرناسیونالیستیەوە، لە مەیدانی بردنەپێشەوەی ئەرکەکانی خۆی لە هەر وڵاتێکدا بێت و بیانباتە پێشەوە.

هاوکات دۆخی ئێستای جیهان پێماندەڵێت کە خەبات بۆ داکۆکیکردن لە ئەمنییەت و باشبژێوی کۆمەڵایەتی، یەکێک لە مەیدانە سەرەکییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیە بەڕووی چینی بۆرژوازی و ڕەوتە نیولیبراڵەکەی لە بوعدێکی جیهانیدا. چینی کرێکار و کۆمۆنیزم دەبێ لە قامەتی یەک چینی کۆمەڵایەتی و یەک جووڵانەوەی جیهانیدا بەدژی جەنگ و کاولکاری و پەلامارەکانی دەسەڵاتدارانی سەرمایە ڕاوەستن و بۆ گێڕانەوەی ئەمنییەت و ئارامی و بەدەستهێنانی باشبژێوی ئینسانی، جڵەوی ئەم بەربەرییەتە بگرن. ئەمە یەکێک لە مەیدان و نەبەردەکانی خەباتی چینایەتی، ئەم سەردەمەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانە بەرەو سۆشیالیزم.

07701511043

saya.xasraw@yahoo.co.uk

www.hkkurdstan.org

لەبڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان